# بەهاری كورد

ئەحمەد دەشتی



هاكا بەهاریش بۆ من هاتەوە
سەراپای گولەوقەت سیس نابتەوە
ئاسۆی تاریك و بەرزم ڕوون دەبێ
شارو گوندی من دەگەشێتەوە
بەئەسپی زانست من پێشدەكەوم
خۆرەتاوی كورد زوو هەلدێتەوە
ئەستێرەگەشەی خاكی زێڕینم
دەگەڕێ و تەكنیك وەپێشدەختەوە
هەواری خاپوور كراوەكەی من
هاكا بینیتان سەرخۆ بێتەوە
سیمای جوانی خاكی كوردستان
لەسەر لوتكەكان دەدرەوشێتەوە
ئاوازی بەرزی سەربەخۆیی كورد
لەم جیهانە دا هەر دەچرێتەوە
هەروا نامینێ گەل و وەلاتم
داگیركەری خاك ڕوو ڕەش دەبتەوە
هەلەبجەی شەهیدسەر لەنوێ دیسان
خاكی ژێر كیمیای گشت دەژیێنتەوە
پەرچەمی سوروسپی و سەوزی من
بە خۆری زێڕین دەشەكێتەوە
ئاوارەی دوورو بێ بەش لە ژیان
ڕوو لە خاك دەكەن دەگەڕێنەوە
ئاسۆی ڕونی كورد لەوسەرەدیارە
پێم دەلێ یەك بن خەم دەبڕێتەوە

1988بەرلین